# دوو دیدار لە گەڵ حەسەن زیرەک

ئەنوەر سوڵتانی

حەسەن زیرەک دوای گەڕانەوەی لە بەغدا و چوونی بۆ ڕادیۆ کوردی تاران و کرماشان لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی
پێشوودا، هاتوچۆی بۆکانی نەبڕایەوە و لە گەلێک دەرفەتدا دەهاتەوە بۆکان و دەچووە گوندی زەمبیل بۆ ماڵی سەیدی زەمبیل و عەلیشا و سەید ئەنوەر و سەید عومەری کوڕانی شێخ. درەنگتریش کە لە ڕادیۆ بێزرا و هاتە دەر، ڕووی کردەوە بۆکان و مەهاباد و شنۆ و بانە و ئینجا لە بۆکان سەری نایەوە. لەو ماوەیەدا لێرەو لەوێ حەسەن زیرەکم گەلێک جار بینی، بەڵام دوو دیدرایان ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە بوو و تێیاندا پێکەوە قسەمان کرد.

یەکەم دیدار لە تاران بوو. حەسەن زیرەک لە دووکانی کاکم هەندێک ڕادیۆ و زەبت و کەرەسەی ماڵی بە قەرز کڕیبوو، کاکم گوتی بچۆ بۆ ڕادیۆی کوردی و بە حەسەن زیرەک بڵێ فڵانە پارەم لە لایەتی با بیداتەوە بە تۆ. وابزانم ١٠٠ – ٢٠٠ تمەنێک دەبوو.
چوومە بەر دەرگای وەزارەتی ئیتلاعات و ڕادیۆی ئەودەم لە مەیدانی ئەرکی تاران. لە بەر دەرگاکە گوتم کارم بە فڵانە کەسە لە بەشی کوردی. تەلەفونیان بۆ کرد. گوتی ڕاوەستێت تا بۆخۆم دێم. ڕاوەستام. هات. سڵاوم کرد، ئەحواڵی پرسیم و ئەحواڵی کاکیشم. گوتم بۆ قەرزی کاکم هاتووم. زۆر بە ڕوخۆشی و زمان خۆشی گوتی سڵاوی کاکت بگەیێنە و بڵێ وا کتێبی ژیانی خۆم نووسیوە و بڕیارە چاپ بکرێت، هەر ئەوەندەی چاپ بێت، هەمووی دەفرۆشرێت، ئینجا قەرزی خەڵک و لە پێش هەموویاندا هی کاکتی پێ دەدەمەوە! گیرفانم پڕ بوو و گەڕامەوە دواوە!

دیداری دووهەم: هاوینێکی ساڵی ١٣٤٩ یان ٥٠ بوو. لە گەڵ نەمران ئەحمەدی سامبەگی و ڕەحمان محەمەدیان بە ترومبیل لە بۆکانەوە چووین بۆ بانە، پرسیاری مەیخانەکەی حەسەن زیرەکمان کرد گوتیان بچنە فڵانە گوند و لە فڵانە شوێن لابدەن، دەیدۆزنەوە. چووین لەوێ نەبوو، گوتیان لێرە نەماوە و چۆتە فڵانە ناوچە، چووینە ئەوێ و درەنگانێک بە تاریکی گەیشتینێ.
دەشتاییەکی تەخت، چرایەکی کەم شەوق، سێ چوار مێزی شکاو و کورسی لە مێز شکاوتر، ئاگرێکی خەڵووز و حەسەن زیرەک خۆی! لە گەڵ ئەحمەد گاڵتە وگەپی خۆش بوو هەندێک جنێویان بە یەکتر دا و پاشان لە دەوری مێزێک داینیاین. هاتەلامان دانیشت. گوتی چی دەخۆن، شتێکمان گوت. کەس نەبوو کاری بۆ بکات، هەر خۆی بوو. کە خواردنەکەی ئامادە کرد و هێنای، گوتی داوای لێبووردنتان لێدەکەم، تکایە پێم مەڵێن گۆرانی بڵێم، ئەوانەی ئەو مێزەی ئەولاوە هەموو ژاندرمەن، ڕقی دنیام لێیانە، زۆریان بۆ هێناوم گۆرانی بڵێم، گوتوومە نەخۆشم و سەرمام بووە و دەنگم دەرنایات، لای ئەوان با بە درۆ
نەکەومەوە.

عارەقێک خورا، هەندێک قسە کرا، هەندێکیش جنێو درا، ئینجا گەڕاینەوە بۆ بانە و شەو لەوێ ماینەوە.

ئەوەی دیتم لە باوەڕی کەسدا نەبوو. ئەو هونەرمەندە هەژارە لەو بیابانە بێ پەنا و پەسیوە، شەو تا بەرەبەیان لە بەردەمی خەڵکانی لاپرەسەنی وەک ژاندارمەی ئێرانی هەڵسوڕێت، کە ماوەیەکی زۆر نەبوو لە شەڕی خەباتکارانی کومیتەی شۆڕشگێری حزبی دێموکراتی کوردستان گەرابونەوە و ماندووییان لەوێ دەحەساندەوە، گورگ و قەل و داڵیش نەیخۆن! ئەمە چییە؟ دەیەوێت بژیوێک پەیدا بکات و نانێک بخوات. هونەرمەندبوونەکەی هیچ، ئەو کارەی من دیتم بۆ مرۆڤێکی ئاساییش سووکایەتی بوو! بەڵام ئەو خۆی هەڵبیژاردبوو لە بەر ئەوەی خۆی گوتەنی نەیدەویست چیتر "دەنگی مرۆڤی کورد ببیستێت ".

یادی ئەو مەزلوومیەتە بەخێر بێت!